مەسرور بارزانی: ئەنفال تاوانکارییەکی گەورە بوو لە دژی خاک و خەڵکی کوردستان ئەنجام درا



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەنفال تاوانکارییەکی گەورە بوو لە دژی خاک و خەڵکی کوردستان ئەنجام درا.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە ساڵیادی ٣٧ هەمین شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال وتیشی، ئەنفال، تاوانکارییەکی گەورە بوو لە دژی خاک و خەڵکی کوردستان ئەنجام درا و تا ئێستاش، دەرهاویشتە و لەکۆتەکانی ئێم کەمەکوژییە هەر ماون.

هاوکات ئاوڕی خستەوە، پێویستە حکومەتی فیدراڵ، بە هەستکردن بە ئەرک و لێپرسراوێتیی یاسایی و دەستووری و ئەخلاقیی خۆیەوە، کەسوکار و بنەماڵە و هەموو زیانلێکەوتووانی جینۆسایدی ئەنفال و هەموو ستەملێکراوانی دیکەی دەستی رژێمی بەعس، لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە قەرەبوو بکاتەوە.